

## ماڵئاوایی ... هۆنراوەی شاڵاو

بۆ ماڵئاواییت نەدەکرد
کاتێ بارگەی عیشقت تێک ناو
خەمی دونیات لە دڵ چاندم ..
خۆ من تەنها دڵم هەبوو
تۆ ئەویشت لێ شکاندم ...

سینەم پڕ لە ئاخ وژانە
جەرگم لەت لەت بووە ئەمشەو
کەتۆ نەمای ئێرە چۆڵە
ئیتر چۆن چاو بنێمە خەو ...

دیسان دڵم پڕ لە خەمەو
شوێنی هیچی تر ناگرێ
گیانم هێندە بەئازارە
نازانم چۆنە نامرێ

کە ڕۆیشتی بۆ نەتدەنارد
نامەیەکی مالئاوایی
کە تۆ دیارە نەتدەزانی

## چەند ناخۆشەلێک جودایی

نامەیەکت بۆ دەنووسم
بە خەمی دڵ بە خوێنەوە
تۆش بەیادی خۆشەویستیم
بە ئاهی دڵ بیخوێنەوە